# شەونم

هۆنراوەی (15)

روزگاریست کە سودای بتان دین من است

رۆژگارێکە هەوای یار و ئەوین دینی منە
خەمی ئەو کارە بە کەیفی دڵی غەمگینی منە
چاوی گیان بینی دەوێ دیتنی رووی تۆ گیانە
ئەوە کەی شان و حەدی چاوی جیهان بینی منە
ببە یارم کە هەموو زینەت و جوانی فەلەکێ
مانگی رووی تۆ و پەڵە ئەستێرەی ئەسرینی منە
عیشقی تۆ تاکوو منی فێری قسەو باسان کرد
وت و وێژی هەموو ئەو عالەمە تەحسینی منە
گەنجی فەقرم بدەیە خوایە لە بەحری کەرەمت
چونکە ئەو بەخششە هۆی بەختەوەری و ژینی منە
واعیزی شاری بڵێ چیدی بە حاکم نەخورێ
دیقی بێ مەنزڵی سوڵتان دڵی مسکینی منە
خوایە ئەو کەعبەی مەقسوودە نەزەرگەی کێ یە
کە دڕوو و داڵی بە عەینی گوڵ و نەسرینی منە
قسە چیدی مەکە حافز لە جەلالی پەرویز
لێوی ئەو بادەبەری خوسرەوی شیرینی منە

حافزی حەقیقی